دە گەڵ هەڵوێستەکەتم کاك هۆگر مەحەممەدی بەڕێز

لە جێیەك بە بوونی سەدان ویگرە هەزاران بەشدارو ڕۆژنامە نووس و چاوەدێر، بەڕێز **نێچیروان بارزانی** سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئاڵای کورد سەروبن بەدەستەوە دەگرێ و ئەوگشتە ڕۆژنامە نووس و وێنەگر دانیشتوون وخەریکی چەپڵە لێدانن ، بێوەیکە یەکێك هەست بە بەرپرسی بکا وهەستێی وهەڵەکە ڕاست بکاتەوە تا لانیکەم شتەکە وەك **وێنە ودۆکۆمێنتێك** لە سەر شاشە تلەڤیزیۆنەکان بڵاو نەبنەوە ، ئیدی پێم کەس جێی گلەیی نییە کە لۆمەی بکەین بلێین بۆ بە کوردستان دەلێی «**کوردوستان** » جا بریا هەر ئەوە دەردی کورد بوایە ، تاوێك هەست وگوێ بۆ تلەویزیۆنەکانی کورد هەلبخەن و بزانن وشەی وا دەکار دەکەن کە دە قوتووی هیچ عەتتارێکدا وەگیرناکەون ودە هیچ قامووس و کتێبێکدا نابیندرێن بۆ نموونە **شەڕەنگێز** ، **دەجەنگن، ئایندە ، ئەنجومەن** ،**پەیمانگا** ،وسەدانی دی کە ئێستێ بە زینمدا نایەن ،کە کورد وشەی زۆر ڕەسەن وکۆنی لە جیاتی ئەو وشە داتاشراو وگوێکرێنانە هەیە وەك **ئاژاوە چی** ، **گێرە شوێن** ، **شەڕهەڵاییسێن**،وەك **شەڕدەکەن ،خەریکی شەڕن** ،**وەك دوا ڕۆژ** ،**داهاتوو، سبەی ڕۆژ، وەك لێژنە** ، **کۆمەڵە** وەك **زانکۆ** کە هەموو ئەو وشانە تەنانەت نەخوێندەواری کوردیش دەیانزانن و وشەی سەر زارانن.

یان دەردی گەورەی دی دەو دواییانەدا کە خودا و ڕەسووڵان دەفریای کورد هاتن وپاش چەند مانگ وەدرەنگی کەوتن پاڕلمانی کوردستان کرایەوە ودەهەوەڵین کۆبۆنەوەیدا لە لایەن بەڕێز **عەدنان مفتی** سەرۆك پاڕلمانەوە بە هۆی وەیکە کورد وشەی نییە بۆ زمانی سیاسەت ،خەریك بوو هەموو نووسراوە و خاڵەکانی کە لەمەودوا لە پاڕلمانی کوردستان دەنگیان دەدرێتێ بە **عەڕەبی** بنووسرێن و هەر بە عەڕەبیش بخوێندرێنەوە و هەر بەو زمانەش دەرخواردی کورد بدرێن و بە نێوی بڵاوکراوە یەك بدرێنە دەرێ کە بەلێ لە خودای بەزیاد بن لە پاڕلمانی کوردستان دراونە دەرێ ونووسراوەکان بە نێوی پاڕلمانی کوردستانیش لە قەڵەم بدرێن ،« **لە بەغدایە با هەڵیکردووە لە هەولێرێ تەپ وتۆزە** » پاش هەموو ئەو باس وباوانە ، بۆ بەرگری لە دوو پات وچەند پات بوونەوەی ئەوهەڵانە باشترین و ساکارترین ونزیکترین ڕێگا دامەزراندنی کۆڕێك یان

کۆمەلێك یان تاقمێك یان هەر شتێکی دی کە نێوی لێبنێین لە کەسایەتی پەسپۆڕ وزانا لە بواری زمانەوانی کە لانیکەم هەر کامیان بێجگە لە کوردی ،یەك یان دوو زمانی زیندووی دونیا بە باشی بزانێ، بە مەبەستی کۆکردنەوەی وشە ڕەسەنەکان و دینەوەی یان دانان و داتاشینی وشەی گونجاو و لە زاران خۆش ولە گوێیان سووك و وێچوویۆ شەتەکان بۆ مەبەستەکان ،یان دەنەبوونی وشەی گونجاو بە وەرگرتنی وشەی چەند زمانی

زیندوو وەك **ئینگلیسی، فڕانسەیی ، لاتینی** کە وشەکانیان بە تایبەت بۆ کار وباری سیاسی وکۆمەڵایەتی تا ڕادەیەکی زۆربوونە نێودەوڵەتی و نێونەتەوەیی ولە هەموو کەلێن وقوژبنی دونیای ئەوڕۆ باون و ناسراون ئیدی نەیەین زمانی داسەپاوی داگیرکەران سەر لە نوێ ئەوجارە بەدەستی خۆمان ویە زۆرە ملی دەرخواری گەلەکەمانیان بدەین ، تا ئەو جێیەی من زانیبێتم وبیستبێتم زمان کۆڵەکەی هەوەڵی هەر میللەتێکە کە دەنەبوونی یان سەقەت بوونی دا،دووکۆڵەکەکەی دیشی کە بریتی بن لە مێژوو و جوغرافی ناتوانێ بە پێوە بن وخستن وشەق وپەق کردنیان کارێکی ئاساییە ، ئەوەندی کە مێژوو باسدەکا گەلان بە تێکدان وشێواندن ودەئاکامدا لە ناو بردنی زمانیانە کە تووش نهامەتی **ئاسمیلە** و**تواندنەوە** دەبنەوە ، جا وەرن با هەموو هەر کەس بە پێی توانایی خۆی **دەپاراو کردن وڕەخنە گرتن و تەتەڵە کردنی** زمانی خۆماندا بەشدار بین و شانازی دەکار کردنی ئەو وشە فارسی وتورکی وعەڕەبی یانە کە خەڵکی نەخوێندەوار لێیان تێناگەن لە شانی خۆمانی داڕنین بە هیوای ئەو

ڕۆژە .

بەڕێزەو « خەمین » ١-٧-٢٠٠٥